ئەنجومەنی وەزیران پرسی مووچەکانی کەتایی ئەمساڵ و گرفتی خەرجکردنی تاوتوێ دەکات

ئەمڕۆ چوارشەممە 27ـی تشرینی دووەم، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆکی حکومەتی (ماوەبەسەرچوو) مەسرور بارزانی کۆدەبێتەوە و سێ تەوەر تاوتوێ دەکەن، کە بریتین لە: تاوتوێکردنی پرسی سێ مووچەی کەتایی ئەمساڵ و کێشە و گرفتەکانی بەردەم خەرجکردنی لە بەغدا و چارەسەرکان، لە بگەی دووەم، خستنەڕووی ڕاپۆرتێک لەلایەن وەزیری پلاندانان سەبارەت بە بەڕێوەچوونی قۆناغی یەکەمی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان کەی لە ڕۆژانی 20 بۆ 21 مانگی یازدەی ئەمساڵ لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو و هەروەها قۆناغ و هەنگاوەکانی دیکەی پرۆسەکە دەخرێتە بەرباس و گفتوگۆکردن.

هەروەها لە تەوەری سێیەم، پرۆژە بڕیارێکی پێشنیازکراو لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارەوە دەخرێتەڕوو سەبارەت بە پاژکردن یان (پێدان بە قیست)ـی ئەو بڕە پارەیەی کە لە زیادەکار وەردەگیرێت کە بۆ زەدەیی خانووی نیشتەجێبوونی لە سنووری شارەوانییەکان دروست کردووە.